# هەڵبژێرە، گیرفان چاوەڕوانی تۆیە؟

ئامڕازی بێ هۆشکەر فرەلایەنە،پرۆسەی دەنگ دان و یاریکردن بەهەستی مرۆڤ پانتای یەکی فراوانی داگیرکردوە لە میدیای کوردی ئەمرۆدا ،دروشم وسرودی شۆڕشگێری بەبێ وچان لەتەلەفیزیۆنەکانەوە بەبەردەوامی پەخش ئەکرێن،کە گوێ بیستی ئەبیت هەموو موەکانی لەش ئەبزوتن و لەوکاتەدا نەک هەر ئامادە ئەبیت بۆدەنگ دان بەڵک وئەبیتە هێزیکی بێ هاوتای ئەندێشەی ئامادەباش بۆ هەمو چالکیەک.وەک هەموو کەرەسە بێ هۆش کەرەکان وەک هیرۆین وتلیاک بەهەمان ڕێچکە کاری خۆیان دەکەن بەڵام بۆ ئامانجی تر.

دەنگی خۆت دەنگی خۆت نیە دەنگە بۆ هەڵبجە،ئەنفال،بارزانیەکان،کەرکوک و.....هتد زۆر بە سەغی(دڵ فراوانە) بەخۆرای ئەیبەخشنەوە بەسەر مرۆفی سەرلێشێواو تینوی هەموو دیاردە بێ بەش بوەکان وە بەرئەنجامی دەنگەکان بەکار دێتەوە جارێکی تر بۆ زوڵم لێکردنی خۆیان(دەنگدەر)،دەنگدەر دەستی لەبنی هەمانەکە دەردەچیت تازە دەنگی داوە نوینەری هەڵبژاردوە  بۆماوەیەکی نادیار ئەبێت زوڵم و نا تەبایی بنۆشێ تا هەمان دەستە بۆ پۆستی داهاتوو بە پۆشاکی ترو بە ڕویەکی ترەوە هەمان پرۆسە بەئەنجام دەگەیەنن،مێژوی ئەم جۆرە لەهەڵبژاردنانە لە سەدەی پیشودا لەوڵاتە جیا جیاکانی جهاندا حاشا لێنەکراوەو وە بەردەوام ڕێچکەی گرتوە بۆ داهاتویەکی نادیار، کەواتە دەنگ بدە بۆ خاتری ئەوەی ئەندامانی لیستێک دەوڵەمەند بکەیت.
زۆربەی کەناڵە ئاسمانیەکانی ئەمڕۆ باس لەئاهەنگی سوێندخواردنی سەرۆک بوش دەکەن وەک سەروکی ژمارە ٤٣ ووڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وە پڕی ٤٠ملیۆن دۆلار تێ دەچێت وەئەو ڕۆژە وەک پشو بۆهەموو کاربەدەستانەو پڕی ٦١ملیۆن دۆلار داهاتی ووڵاتەکە کورت ئەهێنێت ئەمە جگە لە ووردەکاری ترکەئاشکرا نین و باس کردنیان درێژە پێدانە،لەو ڕوایەدان دەنگ دەرێکی چینی خوارەوە چی سوودیک لەم هەڵبژاردنە وەردەگرێت وەبەدڵنیایەوە دەڵێم کە سەری پەشیمانی دەکێشێت بەدیواردا بەڵام تازە هەڵخەلەتاوە وە بۆ داهاتوش هەر هەڵدەخەلەنرێت.
بۆ پێکەنین کابرایەک خۆی نوکتە بۆخۆی دەکات نوکتەی یەکەم دەکات و پی دەکنێت نوکتەی دووهەم دەکات و پێ دەکنیت وەهەروەها نوکتەی سی هەم و چوارهەم..... دوا نوکتە ئەکات و پێ ناکەنێت وە بەخۆی دەڵێت کۆنەو بیستوومە.
منێش هەروەها دەڵێم پروپاگندەکانی ئەمرۆ بۆهەڵبژاردن بە نوکتەکەی سەرەوەدەچیت بەڵام ئەوەی جودایە دروشمەکان خەلکی دەخەنە گریان بۆ داهاتویان و لەدویدا دەڵێن کۆنەو بیستومان بەڵام چیبکەین جهانی ئەمڕۆ دەرگیری قەیران بوە قەیرانی هەموو دیاردەیەک بەنوکتەشەوە.

سامان سۆران
سولەیمانی
٢٠٠٤-١-٢٣